SYDKURDISKA

کورتەیەک لەسەر خوێندنگەی ئامادەیی سویدی

Skolverket

هەموو گەنجانی سوید کە خوێندنی بنچینەییان تەواوکردوە، مافی سێ ساڵ خوێندنی ئامادەییان هەیە. خوێندنی ئامادەیی بناغەیەکی باش بۆ خوێندنی پیشەیی، بەردەوامی لەسەر خوێندن، برەوپێدانی کەسایەتی وە بەشداریکردنێکی چالاکانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دادەڕێژیت.

١٨ بەرنامەی نیشتمانی

ئەو یاسای خوێندنگەیەی لە ١ ی تەممووز(یولی) کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، خوێندنگە ئامادەییە سەربەخۆکان و کەرتی گشتی یەکسان دادەنێت.

١٨ بەرنامەی نیشتمانی لە خوێندنگەکانی ئامادەییدا هەیە، ١٢ بەرنامەی پیشەیی و ٦ بەرنامەی ئامادەکاری بۆ خوێندنی باڵا. هەموو بەرنامەکانی خوێندنگەی ئامادەیی سێ ساڵین.

پاش بەرنامەیەکی پیشەیی دەبێت خوێندکارەکان باش بۆ ژیانی پیشەیی ئامادەکرابن وە خوێندنەکە ئاستێکی نایابی هەبێت وە گەیاندەر بێت بۆ لێزانی لە پیشەکەدا. دەبێت بکرێت کە ڕاستەوخۆ ڕێگایەکی پیشەیی پاش خوێندنەکە بگیردرێت. هەموو خوێندکارانی بەرنامە پیشەییەکان دەبێت هەروەها دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کە بگەنە لێوەشاوەیەتییە بنچینەییەکانی خوێندنی باڵا لە کاتی خوێندنی ئامادەییدا. بۆ ئەوەی بەمانە بگەن وا پێویستە کە خوێندکارەکە ئەو کۆرسانە هەڵبژێرێت کە لێوەشاوەیەتی خوێندنی باڵا دەدەن.

پاش بەرنامە ئامادەکارییەکە بۆ خوێندنی باڵا، دەبێت خوێندکارەکان بۆ خوێندنی باڵا ئامادەبن.

هەروەهاش پێنج بەرنامەی پێناسین بۆ ئەو خوێندکارانە هەیە کە لێوەشاوەیەتیان بۆ بەرنامەیەکی نیشتمانی نییە. بەرنامەکانی پێناسین دەبێت خوێندکارەکان بۆ یەکێک لە ١٨ بەرنامە نیشتمانییەکە تێبپەڕێنێت یاخود بۆ ناو ژیانی کارکردن بیانبات.

لە هەندێک خوێندنگەدا خوێندنەگەلێک هەن کە لە بەرنامە نیشتمانییەکان لادەدەن: جۆرە تایبەتییەکانی تر، خوێندنەکانی کە لە سەرانسەری وولات خوێندکاری بۆ پەیدا دەکرێت وە خوێندنی وەرزشی کە لە نیشتماندا پەسەندکراون (NIU).

مەرجەکانی لێوەشاوەیەتی خوێندنی ئامادەیی

ڕێساکانی لێوەشاوەیەتی بۆ دەستپێکردنی خوێندنی ئامادەیی خۆی جیادەکاتەوە لە نێوان بەرنامەی پیشەیی وە بەرنامە ئامادەکارییەکانی خوێندنی باڵا.

بۆ ئەوەی لە بەرنامەیەکی نیشتمانی وەربگیرێیت جا بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەمە خوێندنی پیشەییە یاخود ئامادەکارە بۆ خوێندنی باڵا، دەبێت خوێندکارەکە لەم بابەتانەدا دەرچووبێت، سویدی یان سویدی وەک زمانی دوهەم، ئینگلیزی وە بیرکاری.

بۆ خوێندنە پیشەییەکان دەبێت هەروەها بڕوانامەی دەرچوون لە پێنج بابەتی تردا هەبێت، یاوەکو بڵێین بە هەموی هەشت.

بۆ بەرنامە ئامادەکارییەکانی خوێندنی باڵا دەبێت هەروەها بڕوانامەی نۆ بابەتی تریش هەبێت، یاوەکو بڵێین بە هەموی دوازدە.

بۆ ئابووری- وە بەرنامەی زانستی کۆمەڵایەتی هەروەها بەرنامە وێژەییەکان(ئەدەبی) دەبێت چوار لەو نۆ بابەتەی تر کە بە دەرچوو تەواوکراون جوگرافیا، مێژوو، زانستی کۆمەڵایەتی وە ئاین بن. بۆ زانستی سرووشتی وە بەرنامەی تەکنیکسازی دەبێت سێ لەو بابەتانەی بە دەرچوو تەواوکراون زیندەوەرزانی، فیزیا وە کیمیا بن. بۆ بەرنامەی جوانیناسی نۆ بابەتەکەی تر سەربەستانە هەڵدەبژێردرێت.

هەندەک خوێندن لە بەشی جوانیناسیدا، خوێندنی بە تایبەت ئاراستەکراو وە بەرنامەی وەرزش، لەوانەیە مەرجی تایبەتی وەرگرتنی هەبێت وە هەندێک جار تاقیکردنەوەش...

کۆرسەکان و پلانی بابەتەکان

خوێندنگەی ئامادەیی سویدی لە کۆرس پێکهێنراوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە خوێندکارەکان یەک یان چەند دانەیەک کۆرس لە بابەتە جیاجیاکان دەخوێنن کە لە ناو بەرنامەکاندان. زووربەی کۆرسەکان ١٠٠ خاڵ لە خۆیان دەگرن کە ئەوەش بەرامبەری چوار هەفتە دەوامی پڕ دەکات. بابەتەکانی خوێندنگەی ئامادەیی وە ناوەڕۆکی کۆرسە جۆراوجۆرەکان لە پلانی بابەتەکاندا باسی لێدەکرێت کە خوێندنەکە بەڕێوە دەبەن...

پلیکانەی بڕوانامە

مانای ئەوەیە دەرنەچوە. F .هەرە نزمترین پلەی بڕوانامەیە Eبەرزترین بڕوانامەیە وە Aە، کە A_Fپلیکانەی بڕوانامە هێمای E، خوێندکارەکان پاش کۆتاییپێهێنان بە هەر کۆرسێک بڕوانامەی دەدرێتێت. مەرجەکانی زانستی نیشتمانی بۆ پلەکانی بڕوانامە لە ..دا هەن A وە C

پێکهاتەکانی بەرنامەکان

ئەو بابەتانەی لە ئامادەیی هاوبەشن ئەوانەن کە هەموو خوێندکارانی ئامادەیی دەیخوێنن. ئەمانە ئینگلیزی، مێژوو، وەرزش وە تەندروستی، بیرکاری، زانستی سرووشتی، زانستی ئایینی، زانستی کۆمەڵایەتی وە سویدی یان سویدی وەک زمانی دوهەمن.
.خوێندکارەکان بابەتەکانی کە هاوبەشن لە ئامادەییدا بەشێوەی جۆراوجۆر لە بەرنامەکاندا دەخوێنن
لە پاڵ بابەتە ئامادەییە هاوبەشەکانەوە هەر بەرنامەیەو ژمارەیەک بابەتی هاوبەش بە بەرنامەکە لەخۆدەگرێت، کە هەموو ..خوێندکاران لە بەرنامەیەکی دەستنیشانکرادوا دەیخوێنن. ئەمە مۆری خۆی لە بەرنامەکە دەدات
هەموو بەرنامەکان جگە لە چاودێری- وە بەرنامەی بەتەنگەوەهاتن ئاراستەی جۆراوجۆریان هەیە کە خوێندکارەکە دەتوانێت لە نێویاندا هەڵبژێرێت. هەروەها بۆهەر بەرنامەیەک کۆرسی جۆراوجۆر هەیە لە قووڵبوونەوە لە بەرنامەیەک. لە خوێندنگەکەدا .هەڵبژاردنی تاکڕەوی تێدایە
لە هەڵبژاردنە تاکڕەوەکەدا دەبێت خوێندنگە کۆرسگەلێک پێشکەش بکات کە بناغە بێت بۆ لێوەشاوەیەتی خوێندنی باڵا. لە هەر هەموو بەرناامەکاندا دەبێت خوێندکاران دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کە لای کەم یەک کۆرسی جواناسی وە لای کەم یەک کۆرسی .وەرزش و تەندروستی لە نێوان هەڵبژاردە تاکڕەوییەکەدا بخوێنن
لە هەموو بەرنامەکانی خوێندندا کارکردنی ئامادەییشی تێدایە کە خوێندنی ناو بەرنامەکە پوخت دەکاتەوە. کارکردنی ئامادەیی ..دەبێت پەسەند بکرێت بۆ ئەوەی بڕوانامەی ئامادەیی وەربگریت

خوێندنی شاگردی

لە بەرنامە پێشەییەکاندا دەکرێت خوێندنی شاگردی لە ئامادەیی هەڵبژێریت. خوێندکارێک کە دەیەوێت خوێندنی شاگردی هەڵبژێرێت، بەشێکی زۆرتری خوێندنەکە لەیەک یان فرە شوێنی کارکردن بە ئەنجام دەگەیەنێت. خوێندنی شاگردی هەمان ئامانج و مەرجی زانستی هەیە وەک ئەوەی لە خوێندنگەکاندا لسەر دەڕۆن.

بۆ ئەوەی پێکەوەکارکردنی نێوان بەرنامە پیشەییەکانی خوێندنگە ئامادەییەکان وە ژیانی کارکردن پتەوبکرێت، هەردوو ڕاوێژکاری نیشتمانی و ناوچەیی هەن..

دوو جۆر لە تاقیکردنەوەی کۆتایی

خوێندکارێک کە بەرنامەیەکی ئامادەیی تەواوکردبێت، دەتوانێت بڕوانامەی ئامادەیی بە دەست بهێنێت.

بۆ بڕوانامەی پیشەیی دەبێت خوێندکارەکە ٢٥٠٠ خاڵی خوێندبێت کە لەوانە لە ٢٢٥٠ ی دا دەرچووبێت. خوێندکارەکە ئەبێ لە سویدی ١ ، بەرامبەرەکەی سویدی وەک زمانی دوهەم ١، ئینگلیزی٥، وە بیرکاری ١. مەرجێکی تریش ئەوەیە کە خوێندکارەکە لە ٤٠٠ خاڵدا لە بەرنامە هاوبەشەکاندا دەرچووبێت وە لەکارکردنی ئامادەییدا دەرچووبێت. خوێندکارەکە دەتوانێت بڕوانامەی دەرچوونی پیشەییش هەم لەڕێگەی خوێندنی شاگردییەوە وە هەم لەڕێگەی خوێندن لە خوێندنگە وەربگرێت.

بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ئامادەکاری بۆ خوێندنی باڵا، دەبێت خوێندکارەکە ٢٥٠٠ خاڵی خوێندبێت کە لە ٢٢٥٠ ی دا

دەرچووبێت. خوێندکارەکە دەبێت لە سویدی ١، ٢ وە ٣، ئینگلیزی ٥ وە ٦ هەروەها بیرکاری ١ دەرچووبێت. هەروەها خوێندکارەکە لە کارکردنی ئامادەییدا دەرچووبێت.

تاقیکردنەوەی کۆتایی ئامادەکاری بۆ خوێندنی باڵا، لێوەشاوەیەتییەکی بنچینەیی بۆ خوێندنی باڵا دەدات.

لەژێر خانە زیاتر www.skolverket.se لەسەر لێوەشاوەیەتی بۆ خوێندنی باڵا لە Förskola & Skola.

بخوێنەوە Gymnasieutbildning پاشان

بڕوانامەی تاقیکردنەوەی کۆتایی پیشەیی هەروەها بڕوانامەی دەرچوون لە سویدی ٢ وە ٣ لەباتی ئەمە سویدی وەک زمانی دوهەم ٢ وە ٣ لەگەڵ ئینگلیزی ٦ ئەمانیش لێوەشاوەیەتی بۆ خوێندنی باڵا دەدەن.

هەموو خوێندکارانی بەرنامەی پیشەیی مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو کۆرسانەی پێویستن وەک بنچینەیەک بۆ خوێندنی باڵا بخوێنن.

لەسەروو ئەو لێوەشاوەیەتییە بنچینانەوە زۆرجار ئەوەش داوادەکرێت کە بڕوانامەی دەرچوون لەو کۆرسانەی مانایەکی تایبەتیان هەیە هەبێت بۆ ئەو خوێندنانەی داخوازی بۆ دەکرێت، کە پێی دەڵێن لێوەشاوەیەتی تایبەتی.

خوێندکارێک کە نەگەیشتبێت بە مەرجەکانی کە بۆ بڕوانامەی کۆتایی ئامادەیی هەن، دەبێت لە باتی ئەوەی بەڵگەی تاقیکردنەوەی کۆتایی بدرێتێت، ئەوا بەڵگەی خوێندنی دەدرێتێت.

قۆنتەراتگرتن

قۆنتەراتگرتن(کاری بە کۆنترات)دەبێت هەموو خوێندنگەی ئامادەیی بگرێتەوە. لە هەموو بەرنامەکاندا دەرفەتی ئەوە هەیە کە خوێندکارەکان خۆیان لە کاری قۆنتەراتدا قووڵ بکەنەوە.

بەشێک لە ئەورووپا

خوێندنگەی ئامەدەیی سوید خۆی باش بەستۆتەوە بە سیستەمی نایابی ئەورووپییەوە. مەبەستەکەش ئەوە جمووجوڵی هاوڵاتیان بەرەوپێبدات وە ئاسانکاری بۆ فێربوونێکی بە درێژایی ژیان بکات.

خوێندنی گەورەساڵان

خوێندنی گەورەساڵان دەبێت بەرنامەی بابەتەکانی خوێندنگەی ئامادەیی وە مەرجەکانی زانستی بەکاربهێنێت. لەهەمان کاتیشدا دەبێت خوێندنی گەورەساڵان بە کێشمان بێت وە لەگەڵ پێداویستی خوێندکارە گەورەساڵەکاندا بگونجێنرێت.

١٨ بەرنامەکە

- بەرنامەی چاودێری – و بەتەنگەوەهاتن
- پرۆگرامی ئامادەکار بۆ خوێندنی باڵا
- بەرنامەی ئابووری
- بەرنامەی جواناسی
- (بەرنامەی وێژەیی(ئەدەبی
- بەرنامەی زانستی سرووشت
- بەرنامەی زانستی کۆمەڵایەتی
- بەرنامەی تەکنیکسازی
- بەرنامەی پیشەیی
- بەرنامەی منداڵ- و کاتی ئازاد
- بەرنامەی دروستکردن- و دامەزراوە
- بەرنامەی کارەبا- و ووزە
- بەرنامەی ئۆتۆمۆبیل- و گواستنەوە
- بەرنامەی بازرگانی- و کارگێڕێ
- بەرنامەی ئیشی دەستکرد
- بەرنامەی ئوتێل- و گەشتیاری
- بەرنامەی تەکنیکسازی پیشەسازی
- بەرنامەی زانستی سرووشت
- بەرنامەی خۆراک- و ڕیستاورانگ
- VVS(گەرمی، هەواگۆڕکێ و ساردکردنەوە)
- بەرنامەی خانووبەرە- و

بەرنامەی پێناسین

پێنج بەرنامەی پێناسین دەبێت بواری تازە بۆ خوێندکارانی بێ لێوەشاوەیەتی بڕەخسێنن. هەندێک بەرنامە خوێندکارەکە لێوەشاو دەکات بۆ بەرنامەی نیشتمانی، ئامادەدەکرێت بۆ بازاڕی کار یاخود بەردەوام بێت بۆ خوێندنێکی تر.

ئەو پێنج بەرنامەیە ئەمانەن

- خوێندنی ئامادەکاری
- هەڵبژاردنی کەسی بەرنامەی ئاراستەکراو
- پێناسینی پیشەیی
- ئەڵتەرناتیڤی کەسی
- پێناسینی زمانەوانی

ئەو پێنج بەرنامەیە ئەمانەن
خوێندنی ئامادەکاری
هەڵبژاردنی کەسی بەرنامەی ئاراستەکراو
پێناسینی پیشەیی
ئەڵتەرناتیڤی کەسی
پێناسینی زمانەوانی

Skolverket